له کەرکـــوک دەژی و لەوێ چـــاوی کـــردۆتەوەو لەوێ لەدایکبـــووەو پێگەیشتووە، ئەی ئەو نەوەی کێیە؟ نەوەی یاسین هاشمی و تەهای هاشمی و بەکر و سەدامە کە تەعریبیان هاندەدا؟

مـن لەکەرکـوک بەدوای نەوەی راسـتەقینەی سـەددامدا دەگەڕێـم، نەک بۆ ئەوەی تۆڵەی ئەسارەتی شێخ مەحمود لە دەربەندی بازیـان یـان سـەر نـانەوەی مەلا مـستەفا لەغەریبـی، لەو بـکەمەوە، بەڵـکو دەمەوێ لەگەڵ ئەو نەوەیەی تەعریبـدا تەفـاهوم بـکەم و بەکەمتـرین زەرەر و زیانەوە هەقی خۆم و هەقی ئەویـش سـاغبکەمەوەو لەگەڵـی پێکبێم، بەڵام لەسەر زەمینی واقیع شتێکی تر دەبیـنم؟ کەس خـۆی لە سـەددام ناکـاتە خـاوەن، کەچـی نەوەی تەعریـب لەو واقــیعەی تەعریبـــی ســـەددام خوڵقانـــدوویەتی بەهرەمەنـــدەو وەک هەقـــی موکتەسب مامەڵەی لەگەڵ دەکات، میراتی "باوکە سـەددام"ی پێـیەو خۆی لەو باوکە ناکاتە خاوەن، مـن خاوەنـدارێتی لەمیراتـی میللەتـی راگـوێزراو دەکەم لـێ ئەو لەلایەک خاوەنـدارێتی لەمیراتـی بەجێمـاو دەکا کەچی لە لایەکی تر حاشا لە باوکی میراتی دەکات.

بەو ئازارەوە سەدان ساڵی داگیرکردن و دە ساڵی دوایی ماجەرای تەعریب و راگوێزان بەرێدەکەم و بە دوای نەخشە رێگەیەکی زێڕینـدا دەگەڕێم، بێ ئاگا لەوەی مێژوو فەرشی سووری بۆ سوار چاکی هـیچ زۆرانبـــازییەک ڕا نەخـــستووەو بەداخەوە زۆربەی جارەکـــان خـــوێن ئاماژەی رەوتە رێ بووە بۆ دۆزینەوەی ئەشکەوتی پڕ لەزێڕ و زیو.

دەمەوێ وەک داگیرکراوێکـــی ســـپۆرت چـــاوم کـــوێر نەبـــێ و رێشکەوپێـشکە نەکـات و تەڕو وشـکی داگیـرکەرانم نەسـووتێنم. لـێ هەتـا تەعریـب و دیکتـاتۆری هەیە، هـاو نەتەوەی عەرەب بەشـداری پێـدەکرێ لەسـتراتیژیی (احنـا البـدو ویـن العـدو؟)دا. وەختێکـیش

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 2006 | | هێمن مەولود | کۆمەڵە گوتار | کەرکوک لەنێوان پیلان | 14 |
| 2006 | | تەها سلیمان | وتار | کۆمەڵە وتار | 15 |
| 2006 | | عەبدوڵلا مەحمود | کۆمەڵە وتار | شکستی بلیمەتی | 16 |
| 2006 | | عەلی مەحمود | لێکۆڵینەوە | کەرکوک لەنێوان حەزی خەڵکەکەی و | 17 |
| 2006 | | د. عبدالستار تاهیر | دەروننناسی | دەروونناسی گشتی | 18 |
| 2006 | هاوکــاری کۆمەڵە | فەرمان هیدایت | وتار | گەنج و تازەگەری | 19 |
| 2006 | هاوکــاری کۆمەڵە | فەرمان هیدایت | شیعر | ئەنفال دۆزەخی بێگوناهەکان | 2. |
| 2006 | | حەسەن بارام | مێژوو | بەشێك لە ئەنفالی گەرمیان | 21 |
| 2007 | | محمد صابر محمود | چیرۆکی وەرگێردراو | "الأرجوان" قصص كوردية | 22 |
| 2007 | | مستەفا نەریمان | مێژوو | شۆڕشەکانی ئیبراهیم خانی دەلۆ | 23 |
| 2007 | | و: شێخ محمد شاکەلی | لێکۆڵینەوە | کێشەی ویلایەتی مووسڵ | 24 |
| 2007 | هاوکاری کۆمەڵە | هاوار عباس | مێژوو | بەشێك لە حیکایەتی ئەنفالی(3) | 25 |
| 2008 | هاوکاری کۆمەڵە | هێمن خورشید | شیعر | شووشە | 26 |
| 2008 | | عومەر سەیدە | شیعر | شێتبوون | 27 |
| 2008 | | شرف الدين جباري | صور ووثائق | مدينة اغرقت في الظلام | 28 |
| 2008 | | تەها سلیمان | دەق | سووتان بەبۆنی | 29 |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| 83 | ناوچەی کفری لە نێوان سالانی (1914ـ1945) | لێکۆڵینەوەی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی | حوسێن ئیسماعیل خان دەلۆ | | 2010 |
| 84 | کەرکوک لەنێوان مێژوو دووبارە نووسینەوەیدا | لێکۆڵینەوەی مێژوویی | سمکۆ بەهرۆز | | 2010 |
| 85 | سێشمە دەبمە جەللاد` | تێڕاەانی فیکری | خالد سلێمان | | 2010 |